# تراژيدياى مەرگ لە شيعرەكانى شێركۆ بێكەسدا
# ديوانى ( گۆڕستانى چراكان ) بەنمونە

د. لوقمان رەئوف
پەيمانگەى تەكنيكى كوردستان

**(مُلَخَّصُ البَحث)**

ظاهرة الموت التى لاتزال تشغل بال كل انسان ، هذا اللغز الذى حير العلماء و الفلاسفة و ....الخ ، الموت هو حالة توقف الكائنات الحية نهائياً عن النمو والاستقلاب والنشاطات الوظيفية الحيوية، اى عبارة عن خروج الروح من جسم الإنسان والانتقال إلى مرحلة الحياة الأخرى، مسالة الموت في ديوان (مقبرة المصابيح) شيركو بيكەس، مسالة نالت حصة الاسد لان جل ديوانه يتحدث عن ماسي الموت والقمع لشعب كردستان، لهذا السبب يمكننا ان نسمي هذا الديوان، بديوان الموت، وهواحدى التجارب الجديدة والفريدة لخبرات هذا الشاعر العظيم التي فسرت وبشكل ملفت للنظر وبابيات شعرية عملية الانفال ونتائجها .

بمعنا اخر هذه الدراسة تبين وجهة نظر الشاعر ورؤيته كشاعر كردي الجنسية لمأساة وتراجيديا الموت الجماعي للأكراد بألأضافة الى ذلك تتحدث عن التراجيديا ودورها في النص واسباب لجوء الشاعر لهذه المأساة وأنعكاسات وابعاد تراجيديا الأنفال في هذا الديوان .

بالإضافة الى ذلك فان الأكراد (نساءا وأطفالا) في هذه المأساة هم الأبطال الرئيسيين في هذه الأحداث وأصبحوا ملوكا وروادا لقصة بطولية وتأريخية بطريقة نلمس هذه الملوكية والريادة سنويا عدة مرات .

ومع ذلك الأهم والأقوى هو بطولات (نساء وأطفال) الكرد أي البطولات الجماعية، ليس لأنهم أصحاب خصائص محددة اصبحوا ابطالا لهذه التراجيديا بل نوع القهر ووحشية التعذيب كان لهما الاثر على نفسية الشاعر وتماهيهي مع الام النساء والأطفال والذي بدوره جعل منهم أبطالا .

پێشەکی:

مەسەلەی مەرگ لە دیوانی (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەسدا، مەسەلەیەکە پشکی شێری بەرکەوتووە، بەوپێیەی سەرتاپای دیوانەکە، دوانە لە تراژیدیای مەرگ و مەزڵومیەتی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەتوانین ئەم دیوانە ناوبنێیت دیوانی مەرگ و یەکێکە لە دیوان و ئەزموونە نوێکانی شێرکۆ بێکەس، کە زۆر بە وردی و سەرنجەوە، بە شیعر لێکدانەوەی بۆ پرۆسەی ئەنفال و لێکەوتەکانی کردووە، بەمانایەکی تر ئەم لێکۆڵینەوەیە، خستنەرووی وێناو ڕوانینی شاعیر وەک خۆی و دواجار وەک کورد بۆ مەرگەسات و تراژیدیای مەرگی بەکۆمەڵی کورد دەکات، جگەلەمەش باس لە تراژیدیاو ڕۆڵی لەسەر دەق و هۆکارەکانی پەنابردنە بەر ئەم مەرگەساتەو ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی تراژیدیای ئەنفال لەم دیوانەدا.

لەگەڵ ئەمەشدا کورد (ژن و منداڵ)لەم تراژیدیایەدا، پاڵەوانی سەرەکی ڕووداوەکەن و بوونەتە پاشاو ڕابەری داستانێکی قارەمانیەتی مێژوویی، بەشێوازێک ساڵانە چەندین جار هەست بەم پاشایەتی و ڕابەرایەتییەیان دەکەین، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی گرنگترو بەهێزترە، بە پاڵەوانبوونی ژن و منداڵی کورد، واتە پاڵەوانی بەکۆمەڵ، ئەوە نییە ئەمانە خاوەنی خاسیەتی دیاریکراوبن، بۆیە بوونەتە پاڵەوانی تراژیدیا، بەڵکو جۆری ستەم و دڕندەیی ئەشکەنجەدانەکان و کاریگەربوون و ڕۆچوون و یەکگرتنی دەروونی شاعیر لەگەڵ ئازاری ژن و منداڵەکان، وایکردوە ببنە پاڵەوان.

وشە کلیلییەکان: مردن، مەرگ، تراژیدیا، شێرکۆ، کورد

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

1. ناساندنی گەورەیی و دڕندەیی تاوانی ئەنفال لەڕێگەی دیمەنە شیعرییەکانەوە.
٢. ناساندنی بەهێزی ئاستی نوسینی شاعیر لە خستنەڕوی وێنەی ڕوداوی ئەنفال بە بەهێزتر لە باسکردنی شایەتحاڵەکان.
٣. دەرخستنی شکستی دەسەڵات لە ڕێگەی تاوانی ئەنفالەوە.
٤. ئامادەبوونی تراژیدیای مەرگ لەناو گەلێکی بێ پشتیواندا.
٥. گۆڕینی بیری تراژیدیایی پەتی بۆ هەستی خودی و نیشاندانی بەهاکان.
٦. نیشاندانی ئەوەی کە تراژیدیاکان بۆ کورد هێزی هەستانەوەو بەرگرین، نەک شکست و لەناوچوون.

چەمک و پێناسە:

مردن دیاردەیەکی مرۆییە و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا بوونی هەبووەو بەردەوامیش دەبێت، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ لەسەرەتادا بۆ نەمری دروستکرا، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکەوە مردن بووە حەتمی، لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکەو بە شێوازێک لە ناخی خۆیدا لێیڕوانیوە، هەربۆیە "پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە پەیوەندی ژیان و مانە، سەلماندنی یەکێکیان، لەهەمانکاتدا سەلماندنی ئەوی تریانە، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندیێکی دیالێکتیکییە و وا لەمرۆڤ دەکات، هەست بە دژەکەی بکات و حەز بەمانەوەی بکات لە ژیاندا "(عبدالناصر هلال، تراجیدیا الموت فی الشعر العربی المعاصر، القاهرة، مرکز الدراسات العربیة، ٢٠٠٥،ص٢٢، لەم روانگەوە سوقرات دەڵێت" مردن یان خەوتنێکە بەبێ خەوبینین، یان کۆچی ڕۆحەکانە بۆ جیهانێکی تر" (جاک شوردن، الموت فی الفکر الغربی،ت: کامل یوسف، عالم المعرفة، الکویت، ١٩٨٤، ص٣٤)

ئەفلاتونیش سەبارەت بە مردن و کۆچکردن دەڵێت"جیهانێکی تر بۆ ڕۆحەکان هەیە، لە پێش لەدایکبوون و دوای مردن)(جاک شوردن، ص٤٩) بەدەر لەم روانینانەش لە ڕاستیشدا خودی فەلسەفەش تێڕامانە لەژیان و مردن، هەروەها لەوێنەکان، ئەم تێڕامانەش تێڕامانێکی ڕاستییە، مادام دەرون بەندکراوە لەجەستەدا، بۆیە پێویستیە لە جەستەدا ڕزگاری ببێت"(عبدالرحمن بدوی، الموت و العبقریة، مکتبة النهضة العربیة،قاهرة، ط2، ١٩٦٢، ص١٥) دیکارت دەڵێت" لەبری ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا پارێزگاری لە ژیان و مانەوەمان بکەین، ئاسانترە و باشترە لەمردن نەترسین"(جاک شوردن، ص١٢١)

باسکاڵ دەڵێت" خودا مرۆڤی بەدوو کردەی خۆشەویستی دروستکردووە، خۆشەویستی خواو خۆشەویستی دەرون(نفس)، بەڵام بەهۆی بەردەوامی هەڵەوە، خۆشەویستی یەکەمی لەدەستداوەو تەنها دووەمی ماوە، بەهۆی ئەمەشەوە مرۆڤ تەنها خۆی خۆش دەوێت بەبێ سنور"( جاک شوردن ،ص١٢٩)

ئەرستۆ پێیوایە" لاساییکردنەوە بریتییە لە لاساییکردنەوەی کردارەکان، نەک کەسەکان، لاساییکردنەوی کردارەکانیش چیرۆکی لێ پێکدەهێنرێت، چیرۆکیش دڵی تراژیدیایە، جگەلەمەش لاساییکردنەوەی کردارەکان بریتییە لە لەساییکردنەوەی ژیان و خۆشی، بۆیە تراژیدیا بەبێ کردار بوونی نییە" (أرسطو طالیس، فن الشعر، ترجمة:إبراهیم حمادة، القاهرة، مکتبة الأجنلو المصرية،1977 ،ص6)

لای ئەرسـتۆ تراژیـدیا بـریتییە لە لاسـاییکردنەوەی کـارێکی تەواو هەڵبژێـردراو، ئەم لاسـاییکردنەوەیەش لە ڕێـگەی ئەنجامـدانی کـردەکەوە لەلایەن کەسـەکانەوە دەبێـت، نەک بەهـۆی حکـایەتەوەو بەهۆشـیەوە دەبێـتە هـۆی بەزەیـی و تـرس و دواتـر پـاکبوونەوە لەم هەڵچوونە(أرسـطو طـاليس، فـن الشـعر، ترجمـة:إبراهيم حمـادة، القـاهرة، مكتبـة الأجنلـو المصـرية،1977 ،ص6)، کەواتە تراژیـدیا لای ئەرسـتۆ ئەوەیە، کە کـاریگەری و جێکەوتـی خەم و ناخۆشـی و......تـاد بەجێـدەهێڵێت، هەر بـۆیە شـتێکی گـرنگە بـۆ خەڵکـی، لەم ڕوانگەشەوە کار لەسەر چۆنیەتی و چەندیەتی تراژیدیای ئەنفال لەم دیوانەدا کراوە.

نـیچە دەڵێـت"مردن دژە لەگەڵ ژیـان" هەروەهـا کلـود برنـاد دەڵێـت "ژیـان بـریتییە لە مردن"(جـاک شـورون، المـوت فـی الفکـر العربـی، ت:کامـل یوسـف،کویت، عـالم المعـرفه، ١٩٨٤،ص٩٥)، لەروانگەی ئاینییەوە، پرۆسەی مردن پرۆسەی گواستنەوەیە لە دنیایەکەوە بۆ دنیایەکی تر، لەم بارەوە قەشە بولیس دەڵێت" بەمردنتان ژیانتان لەگەڵ مەسیح یەکدەگرێتەوە لای خداوەند"(الکتاب المقدس، رسائل بولس للرسول، بیروت، دارالکتاب المقدس)

لەئاینی ئیسلامیشدا بەهەمان شێوە مردن بەبێ تاوانی، شـەهید بوونەو شـەهیدەکانیش لە بەهەشـتدا جـێگەی تـایبەتی بـۆ دادەنێـت، جـگەلەمەش مـردن تەنهـا بـۆ لاشـەکانە، نەک ڕۆحەکان، چونکە ڕۆحەکان بە نەمری دەمێننەوە، تەنها لاشەکان دەمرن، چونکە ڕۆحەکان نەمرن و ڕۆژێـک دێـت ڕۆحـی تاکەکـان لەگەڵ ڕۆحە گەورەکـان یەکدەگرنەوە، بۆ ئەوەی بە نەمری و خۆشـی بمێنـنەوە.( حسين العودات ، المـوت فـی الـديانات الشـرقية، دمشـق، دار الفکرد، ١٩٨٦،ص٤٥

"ئەنفال پرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، یەکێک بوو لە خاڵە بنەڕەتـی و سـتراتیژەکانی کۆڵۆنیـالیزمی عیـراق بـۆ لەنـاوبردنی نەتەوەی کـورد و بـڕانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆیی کورد" عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی یەکەم، 2002، ل3 )

تراژیدیای ئەنفال بریتییە لە تراژیدیای ململانێی مانەوەو دەسەڵات، لەبەرامبەر قڕکردنـی گەلێکـی خـاوەن زەوی و شارسـتانیەتـی، چونکە ململانـێ بـریتییە لە خاسیەتێکی سـەرەکی لە تراژیـدیاو یەکەم دیـاردەی هەسـتکردن بە بـوونە، بەمانـایەکی تـر لای ئەم جـۆرە دەسـەڵاتە، بوون(وجـود) پـێچەوانەی نەبوونە(عـدم)، ژیـان پـێچەوانەی مـردنە، لەم دوانە دژەشـدا، ململانێکـان تراژیـدیا بەرهەمـدەهێنن، خـودی ئەدەبـیش قووڵبـوونەوەیە لەم هۆشـیارییەو گوزارشـترکردنە لەم چاڵنجە(تحدیـد) کـرۆکییە لە بـوونی مرۆڤایەتیـدا، کەواتە هەسـتکردنە بە بوون، بۆیە نەبوونی هەستیاری لەسەر ململانێکی شکستخواردن، دەرئەنجامەکەی تراژیدیا

دەخوڵقێنێت، بە هیوای سەلماندندی ئایدیۆلۆژیای مانەوەو پاڵەوانیەتی، لەکاتێکدا پێچەوانەی بیرکردنەوەکەی راست دەردەچێت، هەر بۆیە ئەنفال تەنیا پرۆسەی جینۆسایدکردنی کتوپری کورد نەبوو، بەڵکو ئەزموونێکی (30) ساڵەی بەرنامە دارێژراوبوو لەسەر نەخشەیەکی بەرباڵو بۆ لەناوبردن و توانەوەی رەچەڵەکی کورد"( عەبدوڵا کەریم مەحمود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی یەکەم، 2002، ل4)

بۆ یەکەم جار سۆفۆکلیس و یۆرپیدیس لەشانۆکانیاندا گەشەیان بە تراژیدیادا، بەتایبەتی ئەو شانۆیانەی لەکاتی بۆنە ئاینەدکاندا پێشکەشیان دەکرد، ئیدی لێرەوە چەمکی پاڵەوانی تراژیدی ناسێنرا، لەروانگەی ئەفلاتونیشەوە" هۆمیرۆس باشترین شاعیری تراژیدیە "(والتر كاوفمان، التراجيديا و الفلسفة،ت:كامل يوسف حسين، الموسسة العربية، ١٩٩٣، ص١٦٠)

پێش زاین و دوای زانینیش ئەم ململانێیە و هەوڵدان بۆ لەناوبردنە هەبووە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لەساڵی ٢٠١٠ کراوە لەساڵی (٨٠٠ز) کۆمەڵێک لەگەلانی بۆلۆی کۆن لەباشوری ئەمریکا، رەشە کوژکراون ( *Potter, James M.; Jason P. Chuipka (2010). "Perimortem mutilation of human remains in an early village in the American Southwest: A case for ethnic violence" (PDF). Journal of Anthropological Archaeology. **29** (4): 507–523. doi:10.1016/j.jaa.2010.08.001"How genocide wiped out a Native American population". Msnbc.com. 20 September^ 2010* )

هەروەها ریک مارگویس دەڵێت" لەسەدەی سێنزەوە جەنگیزخان رەشەکوژی بەکۆمەڵی ئەنجامداوە"( footnote 5 cites Helen Fein, *Genocide: A Sociological Perspective*, (London: Sage, 1993), p. 26 ١٠-

جـگەلەمەش چەندانی تـر ئەنجـام دراون و هەڵبـجەو ئەنفـالیش نـوێترین ئەو رەشەکوژیانەن کەلەسەدەی بیستدا ئەنجامدراون.

ئەنفال یان جینۆساید، پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێـژراوی پشتپێبەستراوە بەپلان و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایە، ئیدی لەسەر بنەمای ئاین، یان رەگەزی، یان نیشتمانی بێت، زاراوەی جینۆساید لەساڵی ١٩٤٤ لەلایەن (رافائیل لیمکن) بەکارهێنراوە، و بەپێی مادەی(٢) لە رێککەوتننامەی (CPPCG) لەساڵی ١٩٤٨ ، هەرکارێک بەمەبەستی لەناوبردنی گشتی، یان بەشی بێت، ئیدی نیشتمانی، یان رەگەزی، یان ئاینی بە کوشتن، یان زیان گەیاندن بەجەستە، نەزۆککردن، راگواستن....تاد)( *Potter, James M.; Jason P.*

*Chuipka (2010). "Perimortem mutilation of human remains in an early village in the American Southwest: A case for ethnic violence" (PDF). Journal of Anthropological Archaeology. **29** (4): 507–523*).،

سەبارەت بە عیراقیش، عەبدولا کەریم مەحمود دەڵێت" بەدرێژایی(82) ساڵەی تەمەنی سوپای عیراق لە(1921/1/6) تا راپەڕینی 1991 و ئێستا، مێژوی سوپایەکی کۆلۆنیالی پڕ لە تراژیدیای کوشتن و بڕینی مرۆڤی کورد دەبینرێت، لەم تەمەنە پڕ لە زنجیرە جینۆسایدە یەک لە دوای یەک هەزارەها مەرگەساتی داستانی پڕ جینۆسا دەبینرێت"( عەبدولا کەریم مەحمود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی دووەم، 2003، ل11)

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا مەرگ لەم دیوانەدا تەنها بە مانا گشتییەکەی مردن نایەت، بەڵکو بەماناو هۆکاری لەناوبردن و قاتوقڕییە، جینۆسایدە، لەناوبردنی هەموو شتە جوانەکانە، سرینەوەی، بوون، ژیان، مێژوو.....تاد، بۆ کەسە نزیکەکانیش بردنی خۆشەویستەکان و جوانترین یادەوەری و......تاد، بەمانایەکی تر تراژیدیای مەرگ لەم دیوانەدا بڕیتییە لە دیالێکتێکی مانەوە و لە ناوبردن، یان قڕکردن، چونکە پرۆسەی ئەنفال پرۆسەی قڕکردنی گەلی کورد بووە، واتە لەناوبردنی شوناس و بوون بە چەند قۆناغێک، چ بە گیان، چ بە ماڵ و سامان، هەربۆیە تراژیدیای مەرگ لەم دیوانەدا بابەتەکەی بڕیتییە لە مرۆڤی زیندوو، ئەگەرچی رەشە کوژی و کۆمەڵ کوژی تێدا دەخرێتەڕوو، چونکە مەبەستی سەرەکی هەڵوێستەکانە و ناسینی بە جیهانی سیاسی و مرۆیی، بۆیە کار لەسەر هێزی ململانێکان دەکات و ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی و تایبەتی تراژیدیایە، بەمانایەکی تر شاعیر دەیەوێت لەرێگەی دژەکانەوە، ماهیەتی مەبەستەکە بناسێنێت، لەوانە یەکیەتی و شڵەژان، ئازادی و زەبر، تاک و کۆمەڵ و چارەنوس، نەتەوەی باڵاو نزم.......تاد.

جگەلەمەش باسکردنی تراژیدیای ئەنفال لەم دیوانەدا تەنها گوزارشتکردن نییە لە مێژوویەکی دیاریکراو، بەڵکو ناسینی ستەم و درندەیی مرۆڤە لەپێناو خۆیدا، باسکردنە لە ونبوونی ئازادی بەهۆی ستەمی مرۆڤەوە، باسکردنە لە دابڕینی مرۆڤەکان و سیاسیەکان.....تاد لەپێناو بەرژەوەندیدا، بەهۆی ئەمەشەوە رەشەکوژی و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان، تاوانێکی تراژیدی کاریگەرەو جێکەوتەی نەک تەنها لەسەر خەڵکی کورد، بەڵکو لەسەر تەواوی مرۆڤایەتی دروستکردووە، هەر بەهۆی ئەم جۆرە تاوانەو ئەم کاریگەری و جێکەوت دروستکردنە بووە، وایکردووە بڕیار لەسەر ناسینیان بەتاوانی جینوسایدکردن بدرێت و دادگای تایبەتی بۆ دابنرێت.

لە کــۆی ئەم روانینــانەش دەگەیــنە ئەوەی کە تێلیۆلۆژیای(غــایە) تراژیــدیا بــریتییە لە پــاکردنەوەی دەرون، بەڵام تراژیــدیای ئەنفــال بــریتیە لە تۆڵەســەندنەوەو دەمــارگیری و ئەستورکردنی رق، چونکە سەرچاوەی بڕیاردانەکە بریتییە لە بیرێکی شۆڤێنی و بەئامانجی دەستکەوتی شۆڤێنی دراوە، هەرچی مردنیشە بریتییە لە گۆڕان لە بوونەوە بۆ نەبوون، یان گواستنەوە لە جیهانی مادی بۆ جیهانی باڵا، واتە مردن لە جیهاندا بریتییە لە مردنێکی فیزیکــی، بەڵام لە پرۆســەی ئەنفالــدا مــردن دەبێــتە مەرگــی بەکــۆمەڵ، لەپێنــاو ســڕینەوەو لەنــاوبردنی گەلــی کــورد و ســەرکەوتنی دەســەڵاتی بەعســدا، لەم بارەشــەوە عەبــدوڵا کەریــم مەحمود دەڵێت"ئامانج و ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال، لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد و برانەوەی رەچەڵەکــی مرۆڤــی کــوردە لە کوردســتانی خــواروو، جــگەلەمەش پرۆســەی ئەنفــال بەچەنــد قۆناغێــک بــووەو هەموویــان یەک ئامانجیــان هەبــووە"( عەبــدوڵا کەریــم مەحمــود، رەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی یەکەم، 2002، ل 4)

تراژیدیای مەرگ لە دیوانی گۆڕستانی چراکاندا

مەسەلی مردن لە شیعردا مەسەلەیەکی بایەخپێدراوە، چونکە (شیعر کرۆکی شتەکەمان پێدەڵێت، نەک ڕوخسارەکەی و بەباشترین هۆکار گوزارشتی لێدەکات"( عبدالناصر هلال، تراژیــدیا المــوت فــی الشــعر العربــی المعاصــر، القــاهرة، مرکــز الدراســات العربییــة، ٢٠٠٥،ص17) بەشێوازێك لە کرۆکیدا هەڵچونێکی ئیستاتیکی پیشاندەدات"( روسترفور هاملتون، الشعر و تاویل، ت: د. محمد مصطفی بدوی، ص208 ،چونکە شیعر دەرئەنجامی هەڵچوون و هەستکردنە بە شتەکان، دەوروبەرو......تاد، واتە ئەمە پاڵنەر و بە شیعر کردنیەتی، سەبارەت بە مرۆڤ کاتێک بیر لە مردن دەکاتەوە، توشی دڵەڕاوکێ دەبێت، بەڵام شێرکۆ بە پێچەوانەوە لە مردن ناترسێ و خۆی چاوەڕێی دەکات و دەشزانێ دواجار کۆتایی بە نوسین و ژیانی دێت، هەربۆیە بەم گیانەشەوە توانیویەتی ئەم تراژیدیا مەرگەساتییەمان بۆ بگێڕێتەوە، بەمانایەکی تر شاعیر هەرگیز نکوڵی لەمردن نەکردووە، بەڵکو بەشتێکی سروشــتی و چارەنوســی هەمــوو مرۆڤــایەتی دەزانێــت، بەڵام ئەوەی مەبەســتمە ئەوەیە، کە مەرگێــک بە زەبــرو بەدەر لە یاســاکان دەتکــوژن، ئەمە مەرگــی ناچــاریە نەک چارەنوســی، ڕاستە چارەنوسی ئەوەیە، بەڵام ئەمە مردنە ئاساییەکە نییە، بەڵکو ناچارکردن بە مردنە، کەواتە مەرگ لەم دیوانەدا ناچاریەو بەزەبری هێزو دەسەڵات، خەڵکی کورد کراونەتە خۆراکی مردن، بۆیە کۆی دیونەکە نیشاندانی دیمەنە مەرگەستییەکان و وەحشیەتی بیری شۆڤێنییە.

کاتێــک ئەم دیــوانە دەخــوێنینەوە ڕاســتەوخۆ هەســت بەوە دەکەیــن، کە شــاعیر (کــورد) چــامەکەیەو چــامەکەش شــاعیر (کــورد)، ڕۆشــنبیری و ناســین و ئاگــاداربوونی ڕوداوی

چامەکەش، ڕۆشنبیری شاعیرە، لەم سۆنگەوە دیوانی گۆڕستانی چراکان بریتیە لە خوێندنەوەی وردی پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی مەرگەسات و تراژیدیای کۆمەڵکوژی کورد و ئەو ستەمەی بەرامبەری کراوە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو ڕووداو دیمەنانە، لەگەڵ ناسینی ستەم و قوربانیەکانی ئەنفال، بۆیە شێرکۆ بێکەس بە نووسینی ئەم دیوانە، دووبارە وەک خاسیەتی شاعیریەتی خۆی، دەبێتەوە بەرابەری ئەدەبیاتی تراژیدی لەشیعری کوردیدا، چ وەک روانین، چ وەک داهێنان.

لەکۆی دیوانەکانی شاعیردا دیوانی ( گۆڕستانی چراکان) تایبەتە بە مردن و مەرگ و تاوان، لەدوای ئەمیش دیوانی (سروده بەردینەکان) دێت، لەگەڵ ئەوەی شیعر نزیکترین هونەرە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەهێزی ، یان زۆرترین پەیوەندی بەمردنەوە هەبێت، چونکە ناوەڕۆکی شتەکانمان پێدەڵێت نەک ڕوخسار ، هەروەها لەرێگەی زمانەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ کرۆکی ماناکان، نەک باسکردن لە سیماکەی، ئەمەش پەیوەستە بە تێرامانی شاعیر و ئەزمون و توانستیەوە، بەمانایەکی تر شیعر یەکێکە لەو شتانەی کە خوێنەر ناچاردەکات، لەهەموو لەناوەڕۆک و کرۆکی وردبێتەوە شتەکاندا، دواتر بەشێوازێکی نوێی دایبڕێژێتەوە.

لەم دیوانەدا فۆکەسی یەکەم و سەرەکی لەسەر مردنی بەکۆمەڵ و گشتیە، کە ناوچەیەکی دیاریکراوە، بەڵام دواجار کۆی کورد دەگرێتەوە، بۆیە مەرگ تراژیدیایە، واتە بریتییە لە پرۆسەی قڕکردنی نەتەوەی کورد، ئەگەرنا هەموو مرۆڤێک، عاقڵێک دەزانێت کە ژیان، یان هەر کائنێکی زیندوو کۆتایی هەیە، کەواتە مردن ڕاستییەکی بوونە.

لەم دیوانەدا مردن هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاو، منداڵ و گەورە، ساواو مێردمنداڵ، پیرو گەنج، هەژارو دەوڵەمەند، بێتاوان و تاوانبار .....تاد ناکات و هەموویان وەک یەک مەحکومن بە لەناوبردن، ئەم ڕوانینەش هەر لەکۆنەوە بۆ کورد هەبووە، بەڵام دەرفەتی ئەم لەناوبردنە کۆمەڵییە نەبووە، تاوەکو ئێستا ڕەخساوە، واتە بیرو ئایدۆلۆژیای قڕکردنی کورد هەبووەو هەیەو هەردەمێنێت، لەگەڵ ئەوەی هەموان دەزانن مردن کێشەیەکی گەورەی ژیانەو سەرجەم ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی شکستیان هێناوە، مردن هێزێکی لەناوبەرە و هەموو خەون و خەیاڵەکان دەکوژێت.

مردن لە ئەزموونی شیعریی سەردەمدا، پەیوەستە بە کۆنتێکستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری و ...تد، هەروەها پەیوەستە بە هەڵوێستی خودی و فەلسەفی هەموو شاعیرێکەوە، بەڵام بەپێی بارودۆخی هەریەکەیان دەگۆڕێت، بۆیە مەرگ لەم دیوانەدا ئامادەبوونێکی کۆمەڵایەتی فیزیکی بەپلەی یەکەم ئامادەیەو مەرگ نیشانەی دارمانی سیاسیە.

مەرگ سیماکەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە لەسەر گەلی زوڵملێکراو، لەپێناوی سڕینەوەی بەرامبەرو مانەوەیە وەک دەسەڵاتی هێز، شێرکۆ بێکەس لە سەردەمێکی سیاسی سەردەمی بەعس و سەردەمی خەباتی شاخ و شاری شۆڕشدا ژیاوە، بۆیە باس لە ڕووداوەکان دەکات، وەک سەلماندن و خاوەن ئەزموون و بەهێز، جگەلەمەش خاوەنی ئایدۆلۆژیای سیاسی و سەر بەحزبێکی دیاریکراو بێت.

ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی تێدا دەژیا، بەهۆی حزبی بەعسەوە بارودۆخێکی سەخت و زەحمەت بوو، بۆیە هەموو شتەکان، بەهۆی دیاریکردنی ناوچەی قەدەغەوە، ڕەنگی مردوویان لێی نیشتبوو، بۆیە مردن ئازایەتی و قوربانیدان بوو، خەبات پیاوەتی و هێز بوو، لەئێستادا ئەمەش پێچەوانە بووەتەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخەشەوە پرۆسەی ئەنفال بوو بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی شکستپێهێنان، هەروەها بووە بەڵگەی داڕمان و شکستی سیاسی و دەسەڵات، چ لەناوخۆ چ لەدەرەوە، بۆیە شێرکۆ لەڕێگەی ئەم دیوانەوە، وێنەیەکی وردی دەسەڵاتی سیاسی، هەم بارودۆخی ئەنفال و خەڵکی سیڤیلمان پێنیشاندەدات، لەم سۆنگەوە شاعیر وێنەیەکی واقیعی ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بەهۆی ئەم هەڵوێست و کارانەی حزبی بەعسەوە، فشارەکان و پیادەکردنی تۆڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر خەڵکی هەرێمدا، واتە بەسەر سەرجەم چین و توێژەکاندا، وایکردووە تەواوی خەڵکی لە یەک ئازاردا بژێت و هەست بە بارودۆخێکی داپڵۆسێنەر و فاشست بکەن.

لەم بارودۆخانەدا، دەسەڵات مردنی واتایی بەخراپتر دەبینێت لە مردنی بایۆلۆجی، چونکە بەپێچەوانەی داڕمان و شکان و بێ دەسەڵاتی، بەمەرگی خۆیان دەزانن، بۆیە هانا بۆ ئەم پرۆسە مەرگییانە دەبات، لەگەڵ ئەوەی هەموو مرۆڤێک کە دێتە ژیانەوە، چاوەڕێی چارەنوسی دەکات کە مردنە، بەڵام کەی و چۆنێتیەکەی نادیارە، " توانای مرۆڤ بەرامبەر چارەنوسی دیاریکراوە، بەڵام چارەنوسی مرۆڤ، بەردەوام پەیوەستە بە هەوڵدانی لە بەرامبەر هێزە چاوەڕوان نەکراوەکان" ( "Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide" .Office of the United Nations High Commissioner for Human Rights. 12 January 1951.) کەواتە ململانێی لەنێوان ئەوەی هەیەو ئەوەی داوا دەکرێت، جگەلەمەش هەرگیز چاوەڕێی مردنێک ناکات کەخۆی، یان خەڵکی پێیوایە ئەمە چارەنوسە، یان کاتی مردنیەتی، بەو مانایەی مردنێک نییە مرۆڤ بڕیاری لەسەربدات و کۆتایی پێبهێنێت، بەمانایەکی تر هەموو دەسپێکێکی

ژیان بەرەو مردنە، بۆیە ئەم ململانێیە یان بەخۆشەویستی، یان بە هیوا ڕووبەڕوی دەبینەوە، بۆیە شاعیرەکانیش بە شیعر، وەک دەڵێت:

من ئەگەر پێشت نەکەوم
نە ئەسپی ئەفسانەو مەراڵی خەون و
نەتەیری شیعر و نەبای جادووگەر
بەو مەرگانە نازانن
نە یەکەو نە دووەو نە سێیەو نەهەزار
شوێنم کەوە

دەسبگرە بە پرچمەوە............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٣

شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت ئەم مردنە، ناچاریەو دەبێت کۆتایی بەژیانیان بێت، بەبێ ئەوەی هەڵەیان کردبێت، یان هۆکارێکی تر هەبێت بۆ ئەمە.

لەهەڵ هەموو ئەم روانینانەشدا شێرکۆ لەم دیوانەدا کورد وەک پاڵەوان نیشاندەدات، بەو مانایەی لەگەڵ ئەم ستەم و جینۆسایدە جۆربەجۆرانەی بەرامبەر بەکورد دەکرێت، کورد ململانێی دەکات و دژی چارەنووس دەوەستێتەوە بۆ ئەوەی خۆی و کیانەکەی بسەلمێنێت.

رەهەندەکانی تراژیدیای مەرگ

مەبەست لەو رەهەندانەن، کە لەپێناو مانەوەو بەردەوامی دەبنە هۆکاری سەرەکی بڕیاردان، یان یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و ناچارکردنی بەرامبەر، ئەم کارەش بەبێ گوێدانە هیچ جۆرە پرەنسیپێک پەیڕەودەکرێت، هەر لەبەر ئەمەشە تراژیدیای مەرگ بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەراستیدا بەدرێژایی مێژوو هانابردن بۆ پرۆسەی رەشەکوژی و جینۆساید، لەسۆنگەی چەند رەهەندێکی جیاوازەوە بووە، کە دواجار هەموویان دەرئەنجامی پرۆسەی یەکلاییکردنەوەی مانەوەیە لەو پرۆسەیەی کە ناچارکراوە بە کۆتایی پێهێنانی، لەبەرامبەریشدا رازینەبوون بەداواکارییەکان و گۆڕانکاری، ئەم پرۆسەیە بە چارەسەری سەرەکی دەزانێت، لەگەڵ ئەمەشدا بەگشتی ئەو رەهەندانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا دەخوێنرێنەوەو لەم دیوانەدا رەنگیداوەتەوە، بریتیین لە:

1-مەرگ وەک دارمانی سیاسی:

لەم دەقەدا دیالێکتێکی من/ شاعیر/ کورد لەگەڵ ئەوی تر کە دەسەڵات/ حزبی بەعسە، بووەتە دیالێکتیکی بوون و مانەوەو مردن، لەم دیالێکتیکیەشدا جەخت لەسەر بەهێزبوونی کوردو دارمانی سیاسی بەرامبەر دەکات، بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەی دژە

مرۆیی و جینۆسایدەوە، بەو بەڵگەیەی کە دەستبردن بۆ ئەم پرۆسەیەو خەڵکی سیڤیل، دوا هەوڵی دەسەڵاتە بۆ مانەوەی خۆی، لەکاتێکدا لە بێئاگا لەوەی کە ئەم هەنگاوە گەورەترین زەبری لابردنی خۆیەتی.

بەمانایەکی تر لەئەنجامی گەیشتنە بەربەست لە کایە سیاسییەکەو نەبوونی ئەڵتەرناتیڤ بۆ جێبەجێکردنی بەرامبەر سیاسیەکان، بۆیە هانا بۆ ئەم پرۆسەیە دەبات، لەگەڵ ئەوەی دڵنیایە لەوەی کە ئەم هەنگاوە نیشانەی شکست و دارمانی سیاسەت و بنەما سیاسیەکانی حزب و وڵاتەکەیە، وەک دەڵێت:

لەو بیابانەی خوارەوە
لە هەر جێیەک هێڵەکێ خۆڵ
ببێژنەوە
لەسەر کۆزەری هێڵەکدا
ئەبێ هەر وردە نینۆکی پەنجەیەک و
یان وردە ئێسکی لۆلاقی
کوردێکی تیا بدۆزنەوە! ............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٦-٣٧

لەم دەقەدا شاعیر بە ئاشکرا باس لە رادەی بەهێزی و گەورەیی ستەمەکە دەکات و وەک کورد نیشانیدەدات، لەبەرامبەریشدا ئەم دیمەنە ستەمکارییە، بەڵگەی دارمانی سیاسەت و کاری سیاسی حزبی بەعس نیشاندەدات کە لە پێناو بەردەوامی خۆی هەموو رێگەیەک دەگرێتەبەر ، بەرادەیەک منداڵ و کۆرپەش دەکاتە هێزی ترساندن.

یان دەڵێت:
ئەگەر لە سەحرای خوارەوە
لە شەوێکدا چاوتان کەوت بە:
ڕیزە بریسکەو ترووسکەی گوڵ ئەستێرە
ڕوو لە چیا.
دڵنیا بن
ئەوە هەموو زارۆکەکانی ئێمەن و
ئەگەڕێنەوە بۆ ئێرە............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٥٣

شاعیر لە رێگەی وشەکانی( شەو ،بریسکەو تروسکە، زاڕۆ)ئاماژە بۆ کۆمەڵکوژی کورد دەکات، بە بێ گوێدانە پرەنسیپە جۆربەجۆرەکان، هەروەها پرۆسەکە بریتییە لە پرۆسەی تۆڵەو

قڕکردنی گەل و نیشتمانێک، دواجاریش نیشاندانی پاکی شەهیدەکان و پەیوەستبوون رۆحیان بە کوردستانەوە.

2-مەرگ وەک دارمانی ئابوری:

لێرەدا مەبەست لەوەنیە کە ئابوری عێراق خراپ بێت، یاخود گەمارۆی ئابوری خرابێتە سەر هەرێم و بەهۆیەوە خەڵک کۆچی دواییکردبێت، بەڵکو مەبەست لەو ئابلۆقە مەبەستدارو بێرەحمانەی بەعسیەکانە، کە لە نوگرە سەلمان بەسەر ئەنفالکراواندا ئەنجامیاندا، بەشێوازێک ڕۆژانە بەبەرچاوی زاڵمەکانەوە منداڵ و پیر لە تینویەتی و برسیەتیدا گیانیان دەسپاردو دەیانکردنە خۆراکی سەگەکانی بیابان، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ پرەنسیپێکی ئاینی، ئاکاری، مرۆیی، ....تاد، بەشێوازێک بەمەبەست ئەمەیان دەکرد، لەپێناو بەئازارەوە کوشتنی خەڵکی، بەمانایەکی تر بەکارهێنانی سیاسەتی ئابوری لەبەرامبەر هاووڵاتی سیڤیلدا، بەڵگەو دارمان و شکستی سیاسەتی ئابوری وڵات نیشاندەدەن ، وەک دەڵێت:

" وائەبینم، عەسکەرەکە، زەمزەمیەکەی لە لاقەدی ئەکاتەوە.
زاری گەورەی، بۆ بەرەوژوور دا ئەپچڕێ، چەند قومێکیش
بەسەر سینەیدا ئەرژێ و من کوێر ئەبم. خەیاڵ و ئاو،
لەپاش قەیرێ خەیاڵ مردوو ئاو هەر نەهات. نە قومیک
و نە تنۆکێ. دنیا ون و کات بزر....دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٧٥

لەراستیدا لەدیوانی گۆڕستانی چراکاندا مردنی تاک وەک خود، یان هەر هەرەسهێنانی وەک شکستی جیهان وایە، بەهۆی ئەو بێدەنگیەی بەرامبەر بەم خەڵکە سڤیلە کرا، وەک دەڵێت:

پەلەبوون و هیچتان نەبرد
لەگەڵ خۆتان:
نە کۆڵەپشتێ.
نە بوخچەیەک.
نە جانتایەک.
نە مشتێ مێوژ، نە باسوقێ و
نە چەند بەڕوویەک و، نە چەند کەشکێ و
نە تۆزێ گەزۆو، نە هەندێ ڕەشکەو
هیچتان نەبرد. نە نانی ساجێ و
نە مەمکە مژەی ئەو ساوایەو

نە بووکەشووشەی باوەشی و

نە حەت حەتۆکەو

نە تارای بووکێو، نە ئاوێنەیەک و

نە گۆچانەکەی باپیرێ و

نە دەرمانی سک یەشەکەی............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل١١١

3-مەرگ وەک دارمانی مێژوویی:

مێژووی هەموو مرۆڤایەتی بەندە بەو بارودۆخەی کە تێیدا ڕوودەدات و بەهۆی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیەکانیشەوە، گۆڕانکاری بەسەر دادێت، عێراقیش لە سالانی ١٩٨٧-١٩٨٨ مێژوویەکی ڕەشە، بەهۆی ئەنجامدانی چەندین کاری دژە مرۆڤایەتی، یەکێک لەو مێژوانەش پرۆسەی ئەنفالە، کە پرۆسەیەکی جینۆسایدیەو دژی گەلی کورد ئەنجامدراوە، شێرکۆش خۆی تێیدا ژیاوەو ئاگاداری ئایدۆلۆژیای سیاسی و ململانێکان و کاریگەرییە هەرێمی و دەرەکییەکان بووە، بۆیە ئەم سالانە لەو مێژوانەن، کە کاتێک ناویاندەهێنرێت، نەک حزبی بەعس و ئەندامە پەرشوبلاوەکانیشی، بەڵکو مرۆڤایەتیش شەرمیان لێدەکات، بۆیە ئەم مێژوانە لە تۆمارەکانی مێژوودا، نموونەی شکستی ساتەکانی خۆیانن و بەڵگەی شکستی کاری سیاسی و مێژویی ئەو دەسەڵاتەن، وەک دەڵێت:

لێرە زەبوونە ڕوناکیی

زەبوون.. زەبوون

خراوەتە ناو تەندووری دەبابەوەو

هەردوو چاویشی بەستراوە!

لێرە مەلوولە گۆرانیی

مەلوول.. مەلوول

خراوەتە ناو گەرووی لوولە تۆپەوەو

دەم و لێویشی دووراوە..

لێرە ئەسیرە ئازادیی

ئەسیر.. ئەسیر

خراوەتە ناو سنوقە فیشەکەوەو سنووق لەسەر

لێواری مەرگ دانراوەو............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٧

لە کۆنتێکستی ئەم دەقەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە، لەم ساتەدا عیراق خاوەنی مێژویەکی دیکتاتۆرییەو لە لوتکەی هێزو دەسەڵات وستەمدایە، بەشێوازێک هیوایەک بۆ ژیان و ئومێدەکان نەماون، ئەوەی هەیە زمانی چەک و کوشتنە، بۆیە ئەم مێژووە یەکێکە لەو مێژوانەی کە مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکات.

یاخود دەڵێت:

پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕویدا؟!

(لە تاریکە شەوێکی هاوینی ١٩٨٨ دا. هەر لە ڕۆژئاوای

(تۆپزاوا) وە بە چەند کیلۆمەترێ دوور. (دەحام) لەسەر

گردۆڵکەیەک ڕاوەستابوو. لەویەوە چاودێری هەڵکەندنی ئەو

ڕیزە چاڵانەی ئەکرد کە چەند شۆفڵی بەردەوام لمۆزیان

تێژەنیبوو. (قەحتان و عەدنان)یش لە دامێندا هات و

چۆیان بوو. دەحام لە هەرەتی هێزو گوڕو سەرکەوتندا بوو.

دەحام لەبەر خۆیەوە ئەیوت:

ئێمە واهاتووین کە نەڕۆین!

هەروەکوو چۆن شمشێر هاتە ناو خوێنەوەو

ئیتر نەڕۆی!.

ئەسپ هاتە ناو شاڵاوی قادسییەو یەرموکەوەو

ئیتر نەڕۆی.

باهۆز هاتە ناو دەنگی سوارچاکانەوەو

ئیتر نەڕۆی.

دیجلە هاتە ناو جەستەی ئەم،

عێراقەوەو ئیتر نەڕۆی!

باز هاتە ناو ئەم ئاسمانی عەرەبەوەو

ئیتر نەڕۆی! ..............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٢-٣٣

شەوێکی ساڵی 1988 یەکێکە لە دیمەنە تراژیدیەکان، هەم کۆی ساڵەکەش بریتییە لە مێژویەکی ڕەش و شەرمئامێزی عێراق، لەگەڵیشدا مێژویەکە چوێنراوە بەڕۆژی حەشر، ئەو رۆژەی لەترسدا هەموان خەریکە زراویان بتەقێ، دەبێ ئەو هۆکارو جۆری سزایە چی بێت، تا مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستە، دەبێ لەو ساتانەی کە هاوارو ناڵەی منداڵان عەرشی خوای

لەرزانبێت، چ هۆکارێکی تۆقێنەریان بۆ سزادان و کوشتنیان بەکارهێنابێت، کە بریتییە لە زیندەبەچاڵکردنیان لە چۆڵەوانیداو بە بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێک و هیچ جۆرە بەزەییەک.
یان:

بە حەرف و وشەی زمانێ کە غەریبن بە زمانم.
بە دیرۆکێ کە یاخییە لە دیرۆکم.
بەو سەرو دەست و قاچانەی
لە نەژادی مەجوسن و.............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٥-٣٦

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەوان بۆ ئێمەی دادەتاشن، دورە لە مێژووی ئێمەو بە مەجوش دانانی کورد، بەڵگەی لاوازی رۆشنبیری و مێژوویی و.....تاد ئەوانەو ئەم کارەش وەک بەڵگەی شەرعیەتدان بە کوشتنمان دەقۆزنەوە.
یان:

شەوێک ئەسیاری هەناسەی
ڕۆژژمێری هەشتاوهەشت بووم
ئەمویست گۆڕیچەی بژمێرم
ئەمویست هەنسکی بژمێرم
ئەمویست فرمێسکی بژمێرم
هەتا خودی ژمارە خۆی
هاتە جواب و
وتی: چێکەی؟!
منی ڕۆژژمێر ناوێرم
مەرگەساتی تۆ بژمێرم! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٩-٤٠

شاعیر دەیەوێت بڵێت لەماوەیساڵێکدا، ئەوەندە تاوانی رەشەکوژی بەرامبەر ژن و منداڵ کراون، خودی مێژوو شەرم لە باسکردنیان دەکات، ئەوەندە دڕندەیی بەرامبەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان کراوە، هەموان ناوێرن باس لەو ساڵە بکەن، بەشێوازێک خۆیانی لێدەبوێرن، هەم لەبەر زۆری تاوان، هەم لەبەر دڕندەیی ئەنجامدانەکان بەرامبەر هاووڵاتیان.
4- مردن وەک شکستی ئایدۆلۆژی:

مەبەست لە بوونی دوو فاقی لە کارو کردەوەو وتەکانیدا، یاخود پەیرەو و پرۆگرامی حزبدا، واتە ئەو کاتانەی کارو بەرنامە شتێکەو ئەجێنداو سیاسەت شتێکی دی، ئیدی ڕۆژ

به ڕۆژ ئایدیۆلۆژیای دەبێتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی داپڵۆسین و مانەوەی دەسەڵات، بۆیە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال نمونەی شکستی ئایدیۆلۆژی حزبی بەعس و پیادەکردنی کارنامەی سیاسی حزبەکەیە، وەک دەڵێت:

کۆمەڵێ پیاو، هەموو لە قوڕی ئەمەوی.
کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دوورگەی تاریکیی
کۆمەڵێ دەس، هەموو لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ ڕەنگ، هەموو لە ڕەنگی ئافات و
کۆمەڵێ دەنگ، هەموو لە دەنگی نەهات و
کۆمەڵێ بۆن، هەموو لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقی و
پەیامێکی بێ پرسیارو
مێژوویەکیش لە منارەی کەللەسەرو
سەرووەرییەک: لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی!. .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٨-٢٩

شاعیر ئەو کردوە ناشیرینیانەی کە بەپێی سەردەمەکان لەلایەن چەند کەس و سەرکردەیەکەوە کۆکردوەتەوە، لەپێناو نیشاندانی هەم جۆری بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای کارکردن، هەم وەک نیشاندانی پرۆدەیەکی قڕکردن کە دەمێکە کاری پێدەکەین.

تابلۆکانی مەرگ

ئەگەرچی کارنامەی تراژیدیا لە ئەدەبدا ڕێگەدانە بە دەرکردنی هەست و سۆزەکانیان و ئاشکراکردنی ڕووداوە مەرگەساتیەکان و تیشک خستنەسەر لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیان، لەپێناو گۆڕانکاری و چاککردنی کۆمەڵگە، بەڵام تراژیدیای مەرگ لەم دیوانەدا، بۆ ناساندنی ئایدۆلۆژیای حزب و کەسەکانە لەسەر هاووڵاتیان، و ناساندنی گەورەیی تاوانە مرۆییەکەیە، نەک هەڵەی تاکەکان بۆ چارەسەرکردنیان، واتە نیشاندان و دڕندەیی بیری شۆڤێنی بەرامبەر بە کورد لەساڵی( ١٩٨٨ ) وەک نمونەی ناساندن، ئەگەر نا پێشتریش هەم ڕەشەکوژی بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوە، بەمانایەکی تر هەمە جۆری تابلۆکانی ئەشکەنجەو چەوسانەوەو.......تاد، بوونەتەو شوناس و ناسێنەری هەم ستەم، هەم ئایدۆلۆژیای سیاسی لە عیراقدا..

بەگشتی چەند دیمەنێکی مەرگەساتی لەم دیوانەدا بوونیان هەیە، لەوانە:

1- مردنی جەستە:

مردن لەم دیوانەدا بەمانای مردنی بەکۆمەڵ دێت، نەک تاک، واتە باس لە پرۆسەی جینۆساید و ئەنفاله، نەک مردنی تاک وەک پەڵەوان، بەڵام دواجار رۆحەکان زیندوودەکرێنەوەو لەو دنیاش ئەم جەستانە، نیشانەی ستەم لێکردنە گەورەکەشیان لەگەڵدایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی و درندەیی تاوانەکەو دواجاریش لێخۆشبوونیان بەهۆی بێتاوانی و گەورەیی ستەم لێکردنیان، وەک دەڵێت:

لەو ساڵەدا
لە جێی کولانەی داڕووخاو
سەگەکانی ئەو گوندانە
لانکەو بێشکەی بەجێماوەی
منداڵانی ئێمەیان کرد
بە کولانە! ............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٤٤

یان:

سەگی بیابانی خوارو
گورگی بیابانی خواروو
بە تازەیی
ئەوەندە کوردیان خواردبوو
خۆیان لەکۆنە بەرماوەی
قەل و داڵ و
لە لاکی تۆپیو لا ئەدا
لەو ساڵەدا!. ............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٤٧

شاعیر لەکۆی ئەم دەقانە دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان لە بیابانەکان بەدرندەیی شەهیدکراون و زۆربەشیان جەستەیان بووەتە خۆراکی سەگەکانی بیابان، ئەمەش جۆرێکی تری ستەمی بەعسییەکانە لە شاردنەوەی لاشەکان وبێرێزیکردنە بەرامبەر ئاین و ئاکارە مرۆییەکان، بەمەش دیمەنێکی تری ئازارەکانمان پیشاندەدات.

یان:

گومان. گومان. گومان ئەکەم
ناتوانن بیاندۆزنەوە
هەرهەموویان نادۆزنەوە.............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٩٥

یاخود دەڵێت:

ئەم حەففارانە بچوکن
ئەم حەففارانە ئەترسن،
ئێوە بڕۆن لە عەمباری
حەففارەی ئەوەو دنیاوە
کەبۆ هەڵکەندنی دۆزەخ دانراون
ئا لەویەوە
ئێوە حەففارەی خوا بێنن
حەففارەیەک بە یەک کەرەت
لە زاخۆوە هەتاکوو فاو
سەری عێراق هەڵباتەوە! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٩٥-٩٦

یان:

من بۆنی جەستەی پاسفندەی
بەردەم سەگەرەشی ئەوێ و
ئافاتەکەی سیاساڵ بووم....دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٣

2- مردنی سروشت:

مەبەست لەو جۆرەیە کە دەسەڵات دەیەوێت ئەم نیشتمانە ئاوەدانی تێدانەهێڵێت، بۆ ئەوەی ژیانی تێدا بکوژرێت و دەیەوێت شوێنیک بە ناوی کوردستان لەم نەخشەی عێراقدا نەهێڵێت، بۆیە بەبێ گوێدانە پێوەرەکان هەموو ڕێکارەکان دەگرێتەبەر، وەک دەڵێت:

(تۆپزاوا) یەکەم هاوینە هەواری خێڵی مردن!
یەکەم ئێزگەی دەنگی تیژی پەپوویەکی شەوەزەنگی
باڵ لە ئاسن!
تۆپزاوا.. دەشتێک لە ترسی ترساو و
بەراییەک لە ڕامانی خوداوەندی بێ قودرەتی

بەردەم دۆڵپاکانی بەغداوچەرستانێ لە پرسیاری سەرگەردان و
پرسگەیەک بەر لە دەروازەی جەهەننەم!.
تۆپزاوا.. خەریتەیەک لە نەهێنیی
پێچاوپێچی سەراب و تەم.................... دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٦

شاعیر دەیەوێت بڵێت تۆپزاوا وەک ناوچە، ژیانی تێدا کوژراوەو زۆربەی شوێنەکانی بوونەتە چۆڵەوانی و دەستی مردو کۆنترۆڵی کردون، جگەلەمەش ناوچەی قەراغ و زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاب، بەهۆی ئەم شالاوەوە چۆڵکران و بەهۆشیەوە سروشت و ژینگەش بوونە بەشێک لە م شتەمەی حزبی بەعس.

یان:
دنیا زەلیل
جادە زەلیل، شاخ زەلیل و ئاو زەلیل و
سروشت زەلیل
زیلێک، دوو زیل و، هەزار زیل
لێرەوەیە کۆچێکی سوور، کۆچێکی دوور..............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٢٦

کەواتە جگە لەشارەکان تەواوی ناوچەکانی تری کوردستان بەهۆی قەدەغەکردنیانەوە دووچاری وشکموون و کاولکردن بوونەتەوە.

یان:
هەموو شتێ بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین
ڕەنگی دوورگە، ڕەنگی سەرۆک، ڕەنگی قائید
ئاوو هەواو، شاخ و دەشت و، داروبەرد و
لەدایک بوون و مردن و هەموو شتێ
بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین. .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٣

3- مردنی بەهاکان:

مەبەست لەو دیمەن و تابلۆیانەیە، کە شاعیر زۆر بەوردی دەیانخاتەروو، بەشێوازیک هیچ بەهایەک و بەهیچ سێوەیەک تێدا ڕەچاوناکرێت، بۆیە خودی ئەم دیوانە ستەم و دڕندەیی بڕیاردانەکان پیشاندەدات، وەک دەڵێت:

ئەنفال.. ئەنفال

ئەگەر ئەم ئاوە كوژراوە

یەک بەیەکمان نەیخۆینەوە

لە خۆشەویستی سەرچاوەو

لە خۆشەویستی ئاو ناگەین.

ئەنفال..ئەنفال.............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٤٦

شاعیر دەیەوێت بڵێت لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەوەی پرەنسیپ و بنەمای ئاینی و مرۆیی و ......تاد بێت نەبووە، بۆیە تێیدا ئەوانەی بەم کارە هەستاون وەک درندە مامەڵەیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا کردوە، ئەمەش تۆزێک ویژدانی جوڵابێت، هەمان کاریان لەگەڵ کردوە.

یان:

یەکەم شەو بوو

لە لمەوە دەستێک هاتبوە دەرەوە

لەو شەوەدا

ناو لەپی دەست

بووبوو بە دەم

ئەویش بۆ تەنها هاوارێ

کە هەر لە ڕێگە ئەمرد و

نەئەگەیشتە گوێچکەی سەرێ

خودایە بۆ؟!.............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٥٥

لەم دەقەشدا لەلایەک ئاماژە بە بێرێزیکردن بەجەستەو پرەنسیپەکانی ڕێورەسمی ناشتنی تەرمەکان دەکات، لەلایەکەوە هەوڵدان بۆ بەردەوامی مانەوەو خۆشویستنی ژیان، بەڵام کەسێک نەبوو لەم ئامـاژەیە بگات، تەنانەت خواش لەو کاتانەدا بێدەنگی نواندوە، بەڵام مەرج نییە خوا ڕاستەوخۆ ببێتە کارئەکتەرێک بۆ ڕاگرتنی ستەمەکان، بەڵام دواجار ئەم مافەی بە زەلیلکردنی ئەوانەی ئەم کارەیان کرودوە بۆ وەرگرتونەتەوە.

یان:

ئۆهـ.. کۆرپەکەم! لەو ڕۆژەدا،

لەو کۆستەدا، دایکم بووبوو

بە باهۆزێ زەرد و شێت و لە تاوانا

بە بێشکەوە (لاس)ی ڕفان.

(بۆکوێ دایە؟!. بۆ کوێی ئەبەی؟)
بۆ ئەشکەوتێ! بۆ بن بەردێ. بۆ لای خودا!
بەڵام دایە! ئەوان لە هەموو شوێنێکدان!
کات و جێگە، شەو، ڕوناکیی،
دەرو دەشت و دارستان و شاخ و کێڵگە و،
کوێرە ڕێگە!. ئەوان لە هەموو شوێنێکدان
لەناو ئاودان، لە هەوادان.
ئەوان زەمانیان گرتووە
چاوی ڕۆژگار و دەستی دەقیقەو سەعات و
قاچی چرکەیان بەستووە!
ئەوان زەمانیان گرتووە
(بۆکوێ دایە؟!. بۆکوێی ئەبەی؟!)
ئەوان زەمینیان لەگەڵە.
ئەوان ئاسمانیان لەگەڵە.
ئەوان لە پەنجەی خۆمان و
ئەوان لە چاوی خۆمان و
لەم زمانەو لەم جامانەو لەم جلانەو
لەم دەشتانەو
لەم شاخانەیان لەگەڵە! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٦٠-٦١

یان:
لەچاڵێکی هەشتاو هەشتا
من سەرین و بووکە شووشەی
منداڵێکم هەڵگرتەوە
لەناو شیعرا و لەگەڵ خۆمدا
هێنامنەوە بۆ ماڵەوە! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٩٧

دیمەنە مەرگەساتییەکان:

مەبەست لەو دیمەنە ئازار بەخشانەیە، کە بوونەتە دیمەنی تراژیدی و روداوی گەورەی مێژویی، بەشێوازێک لەبەر گەورەیی تراژیدیاکە بەبەردەوامی ناخی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت، هەر لەم سۆنگەشەوەیە شاعیر زۆر بەوردی ئەو دیمەنە تراژیدیایانەی کەبە کۆمەڵ و بەبێ بەزەیی و گوێدانە هیچ پرەنسیپ و ئاین و...تاد، خەڵکی کوردستانیان زیندەبەچاڵ کردووە، دەخاتەروو، بەشێوازێک دیمەنەکەی وردکردووەتەوە کە شۆفێری حەفارەو شۆفلەکان، تەنها هەستی مرۆیی و ئاینییان جوڵاوەو لە سیمایاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە دوای پرۆسەکە ئەوانشیان لەناوبردووە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە شاراوەیی بمێنێتەوە، واتە ئامادەبوونی کەسی خۆشیان لەپێناو پرۆسەی داگیرکاری خۆیان، ڕەشە کوژبکەن، بەمانایەکی تر دیمەنە مەرگەساتییەکانی ئەنفال ئەوەندە زۆرو ئازاربەخشن بەدرێژایی مێژوو، رۆڵ و کاریگەری و جێکەوتەی خۆیان لەسەر گوێگر، یان نینەیان هەیە، بەگشتی دیمەنە مەرگەساتییەکان بریتین لە:

1-تراژیدیای تۆڵە:

لای بەعسیەکان ئەم هەڵوێستە وەک پەرچەکردارو تۆڵەسەندنەوەی ئەم شکستەیە، کە شۆڕش دووچاری کردوون، بەکاریدەهێنێت، بۆیە ئەم مەرگەساتەی خوڵقاندووە، وەک دەڵێت:

من ڕاوەستاوم لە مەجدا
سەرم لەناو ئەستێرەداو
قاچم لەسەر تەپڵی سەری
شاخ داناوە!
هەموو کێوەکانمان یخ داو.
گەیشتینە دوا نوختەی بەردو نەهێنی
ئاومان گۆڕی بەو شێوەیەی گولله ویستی.
بامان گۆڕی بەو شێوەیەی بۆمبا ویستی.
وەرزمان گۆڕی بەو شێوەیەی قائید ویستی.
مێژووی یاخیمان هەڵتەکاند
بەو شێوەیەی کە بارووت و تەقینەوەی
باوەڕ ویستی
تەماشاکە وا ئیستاکە نەک هەر خۆیان
کام چیاین زۆر بڵندە، دانەویوەو
لەسەر چۆکە!

وەختێ هاتم هەر لە ڕێوە

من بەزەییم فڕێدایە چاڵێکەوەو

هەتا نەمرد بەجێمنەهێشت. ............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٤-٣٥

شاعیر ئەوە نیشاندەدات کە بەعسییەکان مەبەستیان بووە عروبەت بە بەرزی بهێڵنەوە، لەم پێناوەشدا هەموو ڕێگەیەکیان گرتەبەر، هەر لە چەکی کیمیاویەوە، تاوەکو ئەنفالکردن، لەپێناو گرێیەکی دەرونیدا، بۆیە دواجار بەبێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێک، بەناوی تۆڵەو وەرگرتنەوەی مافەوە، ئەم جینۆسایدەیان خولقاند.

یاخو دەڵێت:

خەڵەف بە دەنگی بەرز وتی:

نوگرە سەلمان!"

نوگرە سەلمان!

ئافاتێکی قەڵا قەڵا

، دوپشکێکی گەورە گەورەی کۆنکرێتیی.

ئەشکەنجەیەکی درێژو

کڵپەیەکی بازنەیی!.

نوگرە سەلمان!

ژەنگی مێژوویەکی کۆن و

قوڵەی زوڵمێکی زۆر دوورەو

مەنزڵێکی بیرچوونەوەو............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٨١

یەکێکی تر لە دیمەنە تراژیدیەکان، بەندکردنی منداڵ و ژن و پیرەکان بوو لە قەڵای ستەمی نوگرەسەلماندا، ئەم هەڵوێستەشیان هەڵگری عەقڵیەتێکی مێژویی خۆیان و سودوەرگرتن لە ستەمی ڕۆژئاوا ئەم جەهەنەمەیان، لەپێناو هێورکردنەوەی رقی دەرونی خۆیان بۆ خەڵکی سیڤیلی کوردستان دروستکرد.

یان دەڵێت:

نوگرە سەلمان!

لە زستاندا.. وشە سەرمای دەم بە گوێزان.

لە هاویندا.. گەرمایەکی پرووکاوی گرنج گرنج.

جێگایەک بۆ پشوودانی نێزەی ماندوو.

شوێنێ بۆ نوستنی هەواو تا ئێواره هەڵنەسانی!
نوگره سەلمان!
چەند نەخشەیەکی فیراری نەخشەسازی
چەند بینایەکی هەڵاتوو لە ئەندازەو
چەند پەتایەتی راکردوو لەدەس فوڕات!
جەند پاسەوانێ لە نەسلی گورگی ڕەسەن............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٨٢

شاعیر لەم دیمەنەدا ساتە ئازاربەخشەکان بەبێ کاتە جیاوازەکان پیشاندەدات، ئەمە جگە لە ناسینی شووێنەکە کە بەمەبەست و لەپێناو ئازارو سزادا دروستکراوە دەناسێنێت، لەم سۆنگەوە ساتە ئازار بەخشەکان و دڕندەیی ئەشکەنجەکانمان پێدەناسێنێت.

یان:
ئەوە دەستی نیوەی دنیاو نیوەی دەوڵەت و
قانوون بوو کە ئەهات و
تۆی ئەخستە زیلێکەوەو
دوور ئەیبردی..
ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و
نیوەی زانای جیهانێ بوو
بەیەکەوە.. لەگەڵ (مونتەسیر بیللا دا) .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل١٠٧

یان:
چەند زەلیلە
ئەم هەقەی من.
چەند گوناهە
بێ گوناهیم.
چەند ڕسوایە
زمانی شاخ.
جەندە تەباین
من و مەرگ و
کە شەو داهات

سەگەلی ڕەش

یەک لەدوای یەک

چۆن ئەمانخوات! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل١١٣

لەم دوو تێکستەدا شاعیر وڵاتانی رۆژئاواو خاوەن عەقڵیەتی سیاسی و چەک و سەرباز دەخاتە بەر بەرپرسیاریەتی ویژدان، بەومانایەی ئەمانە خۆیان بە وڵاتی ماف و ئازادییەکان دەناسێنن، ئەگەروایە ئامانج لە پێدانی چەکی کۆمەڵ کوژ بە دیکتاتۆر چ پەیامێک هەڵدەگرێت، بۆیە ئەمانەش بەشداری ئەم تاوانە مرۆییەن و لەبەرامبەر هەموو شتەکاندا شەرمەزارن.

یان:

"دوانزە ساڵ بوو، شاعیرەکە، لە ژێرزەمینەکە هاتبووە دەرێ. دوانزە ساڵ بوو لەبەر هەتاودا شیعری ئەنوسی. بەڵام هێشتا هەوای ژەهراویی لە بەغدا حوکمدار بوو.تا ئەو ڕۆژەی مێژووی بەربەریەکان بوومەلەرزەیەکی گەورە لێیداو قەحطان و عەدنان و دەحام تەفروتونا بوون. یەک لەدوای یەک گۆڕستانی

چراکان ئەدۆززرانەوە. .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٩٤

لەم دەقەشدا شاعیر ئەنجامی هەموو کارێکی درندامان نیشاندەدات، بەوەی ماف و بەزەیی ئەو بێتاوانانە بوومەلەرزەی هەڵتەکاندنی دەسەڵات.

2- تراژیدیای پاڵەوانیەتی

ئەو جۆرەیە کە وەک دەستکەوت و بەدەستهێنانی مەرامەکان و ئازایەتی ئەنجامی دەدات، واتە ئەنجامدانی ستەم و تاوانی دژە مرۆڤایەتی بە دەسکەوت و پاڵەوانیەتی دەزانێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێگەیەک دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی هاوکارەکانی ڕازی بکات، کە ئەم کردەوەیە دروستەو شەرعیەتی پێبدرێت، لەم پێناوەشدا ئاینی کردوە بە تاکە هۆکاری رازیکردنی وڵاتانی عەرەبی و بەرژەوەندیش وڵاتانی ئەوروپی و زلهێز وەک دەڵێت:

ئەو ڕۆژەی خۆڵ ببێتە قسەو

بڵێن بدوێ و یان بنووسەو لە جیهاندا

پێشبڕکێیە لە ئازاردا

من دڵنیام ئەرزێک نییە لە دنیادا

خۆڵێک نییە لە دنیادا

ئەوەندەی کۆستی لای ئێمە جوان بنووسێ و

پڕ بێ لە شەوی ڕۆمان و

له ئاخی کورته چیرۆک و
له ئەشکەنجەی شانۆنامەو
له داهێنانی ناو مردن
من دڵنیام ئەگەر غەدرمان لێنەکرێ
نۆبڵی خوا
له خەڵاتی مەرگەسات و بێ کەسیدا
هەر ئەم کوردە وەریئەگرێ! .............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٧-٣٨

شاعیر ئەوەمان پێدەڵێت کە کوردستان چەندین جار رووبەرووی کردەی درندانەو نامرۆڤانە بووەتەوە، هەر لە رەشەکوژی و ئەنفال و کیمیاباران، تاوەکو خراپترین ئەشکەنجەدان، ئەم بەردەوامی ستەمەش بۆ ئەوە بووە، کە بەرامبەرەکەمان دۆسیەی پاڵەوانیەتی خۆی نیشانبدات و کورد زەلیل بکات، بەمانایەکی تر لەپێناو بڕواکردن بە پاڵەوانیەتی خۆی هەموو رێگەیەکی گرتووەتەبەر بۆ دانان بە پاڵەوانیەتی خۆیدا.

3-تراژیدیای تێکەڵ:

مەبەست لەو جۆرە تراژیدیایەیە کە لە چەند رەهەندێکی جیاوازەوە دەخوێنرێتەوە، چونکە هەڵگری چەند مەرامێکی سیاسی و ناشەرعین، هەربۆیە بەهای تراژیدیا لای شاعیر بریتییە لە گۆڕینی بیرۆکەی شەریعەتدان بە پرۆسەکە، لەپێناو بەجینۆساید ناساندنی پرۆسەکە، واتە لە بیرۆکەیەکی پەتییەوە بۆ کردەوەیەکی دژە مرۆڤایەتی، هەموو ئەمەش لەرێگەی ئەو وێنەو دیمەنە تاوانکاریانەیە، کەبەرامبەر خەڵکی سیڤیل و بێدەسەڵات کراون.

جگەلەمەش تراژیدیا شێوەیەکە لەکارە هونەریە درامییەکان و ئامانج لێی نیشاندانی وێنە ترژیدیاکانە، لەسەر بنەمای ڕوداوی مێژووی و بونیادنراو، هەربۆیەئەرستۆ دەڵێت" تراژیدیا بریتیە لە مامۆستای یەکەم)( أرسطو ، فن الشعر ، ترجمة: د/ إبراهيم حمادة ،الناشر: مكتبة الأنجلو المصرية. إ،ص95)، بەو مانایەی وانەی یەکەم و سەرەکی کردەی پاکبوونەوەی لێوەردەگیرێت، بەڵام بۆ بەعسییەکان بریتییە لە کردەی راهێنان لەسەر دڕندەیی و تاوانی دژە مرۆڤایەتی، بۆیە لەهێنانی سوپای بێگانەو بەکارهێنانی چەکی جیاواز، تاگەیشتە ئەوەی خەڵکی ئەنفال و رەشکوژ بکات، بەمانایەکی تر شاعیر دەیەوێت وێنەی ئازارەکان، بەڵام بە جیاجیا هەر لە ئازاری منداڵ بەجیا، ژن بەجیا پیر و گەنجەکانیش بە جیا پیشانبدات، وەک دەڵێت:

بەڵام ئەوەی کە بەردەوام

لەناو گوێچکەی شیعری مندا
دێت و ئەچێ و ئازارەو ئەزرنگێتەوە
زریکەی ژنە ئەنفال و کچەکانمە و
هەتا ئەمرم
ئەم کاروانی زریکەیە
هەر دێت و دێ و دوایی نایەو
نابڕێتەوە! ............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٣٧

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئازار و ستەمی راکێشانی منداڵان بۆ ناو چاڵە بەکۆمەڵکوژەکان و هاوارو فوغانی دایکان و پیرەکان هەتا قیامەت عەرشی خوا بەبەردەوامی دەهەژێنێت.

یان دەڵێت:
هەمووجارێ
بە دۆڵەکەی ئەسحابانا
کە ڕەت ئەبم
درەختی سەر شەخسە قەبرێ
ڕام ئەگرێت و دێتە پێشێ
بە چڵێکی، تیژ بە پاشمەوە ئەکات و
پێئەکەنێ و دوایی ئەڵێ:
گەوجە! ئەوەی لەبن مندا ڕاکشاوەو
جارێک لووتی و
جارێکی تر تۆ قاچەکانی ماچ ئەکەی............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل٤٣

شاعیر دەیەوێت بڵێت بەدرێژایی مێژوو، هەرسەردەمەو بەجۆرو شێوازێک کوردیان بەکارهێناوەو چەوساندوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

بەڵام ئەعراب
وەختێ ئەدوێم
ئەوان و بیابان، نازانن خودا (ئەڵڵا) یەو
نازانن (ئاو) چییەو؟ (دایە) چییەو
بەتەنها فەنابوونی منیان لەخۆیاندا خەتمکردووە!
چەند زەلیلە

ئەم جەستەیە
چەند تەنیایە
زریکەم و
چەند بێ خەمە
بیابان و
چەندیش کڵۆڵە
غەریبیم!
خەو نەبوون، کیژۆڵە خەو نەبوون
ئەوە ڕەزبوون و ئەمردن
ئەوە ئاو بوون و ئەمردن............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل١٠٦

شاعیر بەئاشکرا دەڵێت کورد یەکێکە لەو میلەتانەی کە بەگیان و ڕۆح ئاینی قبووڵکرد، بەئەندازەیەک ئەم گیانە ئاینییە لەگەڵی تێکەڵ بوو، هەر وتەیەک بەناوی ئاینەوە وترابێت کورد ملکەچی بووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر بەئاین گەورەترین ستەم و ئەشکەنجەیان لەبەرامبەر ئەوەی ئەمان دژە ئاینن و لەرێ لادەرن کراوە، بۆیە تاکە شتێک ئەمانە دەیزانن ئەوەیە کورد کوشتن غەزاو سەروەری و پاڵەوانیەتییە.

یان:

چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟ چیرۆکی سەمای ئەو
ئاوەڵ کراسانەی کە (قەحطان) و (عەدنان) و (دەحام)
بە پێش دەمی قافڵەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین؟!
ئاوەڵ کراسی خۆم و دایکم و خانزادو مەستوورەو عادلە
خانم و
حەپسەخانی نەقیب و عەنبەر خاتوون؟ کە یەک بەدوای
یەکدا
لە زاخۆوە هەتا قەڵاکانی سلمان ئەشەکانەوە؟ چیتان بۆ
بگێڕمەوە؟!
ئاخر زریکە چۆن ئەگێردرێتەوە؟!
قیژە چۆن ئەنوسرێتەوە؟!
عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟!
ئەبێ خۆڵ قسە بکات خۆڵ!

ئەبێ چاڵ قسە بکات چاڵ،

مارو مێروو بیگێڕنەوە............دیوانی شیعری شێرکۆ بێکەس، بەرگی٦، ل ٣٠-٣٢

ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1- دیوانی گۆڕستانی چراکان شوناسنامەی جینۆسایدکردنی کورد و دڕندەیی بەعسیەکان نیشاندەدات.

٢- شاعیر زۆر بە وردی و راستگۆیی دیمەنی مەرگی کوردان ( کۆرپە، منداڵ، ژن، پیر ...تاد) وەک تراژیدیای ستەم پیشاندەدات.

٣- ئەو دیمەنانەی کە شاعیر خستونیەتەروو، سەرجەمیان راستی و رووداوی واقعین، نەک وێنەی ئیستاتیکی.

٤- پرۆسەی ئەنفال بەمەبەستی جینۆسایدو سڕینەوەی کورد ئەنجامدراوە، بەڵام بەهۆی بەهێزی و خۆڕاگری کوردەوە، پێچەوانەکەی راست دەرچووە.

٥- پرۆسەی ئەنفال بەڵگەی شکستی رەهەندە جیاوازەکانی ئایدۆلۆژیای حزبی بەعس و شۆڤێنیەکانە.

٦- پرۆسەی ئەنفال شوناسنامەی هێزی مانەوەو بەرەنگاری گەلی کوردە.

سەرچاوەکان:

یەکەم: کوردییەکان:

1. شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، سوید ، بەرگی 6، 2009
٢. عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی یەکەم، 2002
٣. عەبدوڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، سلێمانی، بەرگی دووەم، 2003

دووەم: بیانییەکان

٤. أرسطو طاليس، فن الشعر ، ترجمة:إبراهيم حمادة، القاهرة، مكتبة الأجنلو المصرية،1977
5. جاك شورون، الموت في الفكر العربي، ت:كامل يوسف،كويت، عالم المعرفه، ١٩٨٤
6. حسين العودات ، الموت في الديانات الشرقية، دمشق، دارالفكرد، ١٩٨٦
7. روستريفور هاملتون، الشعر و تاويل، ت: د. محمد مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامّة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر ، القاهرة ،م د.ت.
٨. عبدالناصر هلال، تراژيديا الموت في الشعر العربي المعاصر ، القاهرة، مركز الدراسات العربيية، ٢٠٠٥
٩. عبدالرحمن بدوي، الموت و العبقرية، مكتبة النهضة العربية،قاهرة، ط2، ١٩٦٢
10. الكتاب المقدس، رسائل بولس للرسول، بيروت، دارالكتاب المقدس، د.ط.
١١. والتر كاوفمان، التراجيديا و الفلسفة،ت:كامل يوسف حسين، الموسسة العربية، ١٩٩٣

12. Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide".*Office of the United Nations High Commissioner for Human Rights. 12 January 1951.*
13. Potter, James M.; Jason P. Chuipka (2010). "Perimortem mutilation of human remains in an early village in the American Southwest: A case for ethnic violence" (PDF). Journal of Anthropological Archaeology. 29 (4): 507–523. doi:10.1016/j.jaa.2010.08.001.
14. "How genocide wiped out a Native American population". Msnbc.com. 20 September 20*10.*
15. Jones 2006 3 صفحة ،footnote 5 cites Helen Fein, Genocide: A Sociological Perspective, (London: Sage, 1993), p. 26-10

**Summary**

The issue of death in the Divan (the cemetery of lamps) Sherko Bekas, an issue that most of his diwan talks about the tragedies of death and oppression of the people of Kurdistan

For this reason, we can call this Diwan the Divan of Death, and it is one of the new and unique experiences of Sherko Bekas, which explained in a striking way and the poetic chapters of the Anfal process and its results.

In other words, this study shows the poet's point of view as it is and his vision as a Kurdish poet of and tragedies of the mass death of the Kurds, in addition to that, it talks about tragedy and its role in the text, the reasons for the poet's resort to this tragedy, and the reflections and dimensions of the Anfal tragedy in this diwan.

In addition, the Kurds (women and children) in this tragedy are the main heroes in these events, and they became kings and pioneers of a heroic and historical story in a way that we touch this kingship and leadership annually several times.

However, the most important and strongest are the Kurdish (women and children) championships, meaning collective championships, not because they have specific characteristics that became heroes of this tragedy, but rather the type of oppression and brutal torture had an impact on the poet’s psyche and identification with the mother of women and children, which in turn made them heroes.